بەڵێ بۆ هێنانەدی خواستەکان، نا بۆ توندوتیژی

www.zanayan.org

پەیام

الرسالة

پەیام کۆن نابێت

رۆژنامەیەکی رۆشنبیری ئایینیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دوو هەفتە جارێك دەری دەکات

ژمارە (٦٨) دوو شەممە ٢ی رەبیعی دووەم / ١٤٣٢ ٢٣ی ڕێبەندان ٢٧١٠ ٢٠١١/٣/٧

با یادەکانی ئادارو نەورۆز هەوێنی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی کوردستان بێت

هەموو ساڵێك یادەکانی ئادارو نەورۆز گڕو تینێکی نوێ بە گیانی کوردستانیان دەبەخشێت، بەو هیوایەی ئەم ساڵیش لە یادی ئەم رۆژە مەزنانەی کەوتوونەتە ئادارو نەورۆز هەوێنی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی باڵ بەسەر هەرێمی کوردستان بهێنێت و، ببێتە مایەی گەیشتن بە ئامانجەکانو بڵاوبوونەوەی خۆشەویستی و وەلانانی رق و کینە.

زانایان هەڵگری بەیداخی هێنانەدی خواستەکانو پاراستنی ئەزموونی کوردستانن

یەکێتی زانایان پشتگیری رۆڵی پێشمەرگە لە کەرکوك دەکەنو سەردانی لایەنە کوردستانیەکانیش دەکات

بۆ پشتیوانیکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو بەمەبەستی رێگریکردن لە هەر ئاژاوەو هەوڵێك، کە مەترسی بێت بۆ سەر شاری کەرکوك و پێکەوەژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی ئەم شارە، زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان پشتیوانی خۆیان دووپات دەکەنەوە .

رۆژی پێنج شەممە ٢٠١١/٣/٣ شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان سەردانی هێزی پێشمەرگەی زێرەڤانی کوردستانیان کرد لە پارێزگای کرکوك، لەدانیشتنێکدا لە گەڵ ئەفسەرو پلەدارەکانی زێرەڤانی دا، مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان پشتگیری زانایانی ئاینی کوردستانی بۆ هێزی زێرەڤانی کوردستان دوو پاتکردەوە، کە لەم رۆژگارە ناسکەداو، بەمەبەستی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی شاری کەرکوك و پاراستنی برایەتی و پێکەوە ژیان لەم شارە کوردستانیە لە دەستی ناحەزانو شۆڤینیەکان.

لەلای خۆشیانەوە عەقید نەجات عەلی بە ناوی تەواوی پێشمەرگەکانی زێرەڤانی سوپاسی ئەم هەڵویستەو پشتگیری زانایانی ئاینیان کرد.

دواتر شاندەکە سەردانی هەر یەك لە مەڵبەندی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و مەلبەندی کۆمەلی ئیسلامی کوردستانیان لە شاری کرکوك کرد، لە تێکرای ئەم سەردانەدا تأکید لە سەر کوردستانیەتی کەرکوك و بەرگری لەخاکی کوردستان کرایەوە، هەروها هاتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەرگریکردن لە شاری کەرکوك بە خالێکی ئیجابیانە وەسف کراو، جێی بەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوری عیراق بە چارەسەرێکی واقیعی و بنەرەتیانە باسی لێوەکرا بۆ کۆتایهێنان بە بارگرژی ناوچەکە.

لەلای خۆشیانەوە هەر یەك لە حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی لە شاری کرکوك ئەم هەڵویستەوەو سەردانەی یەکێتی زانایانیان بە خالێکی ئیجابیانەو هەڵوێستێکی نیشتیمانیو نەتەوەییانە وەسف کرد.

یەکێتی زانایان دروستکردنی خاڵی مامناوەندی لە هێنانەدی خواستەکانو پاراستنی ئارامی کوردستان

دوای دروستبوونی رووداوەکانی سلێمانیو، رۆیشتنی هەندێك لە خۆپیشاندەران بەرەو توندو تیژیو هەڵکوتانە سەر بارەگاو دەزگاکانی کوردستانو، دروستبوونی کێشەو کەوتنەوەی کوژراوو بریندار، شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بە یاوەری لقی سلێمانی زانایانو کۆمەڵێك لە مامۆستایانی ئایینی سەردانی سەرۆکی حکومەتو بارەگای لقی چواری پارتیو پارێزگاری سلێمانیو ئاسایشی سلێمانیان کردو، داوایان دەکرد پێویستە بە هەموو شێوەیەك کۆنترۆڵی ئەو دۆخە بکرێت.

دواتر مەلا ئەحمەدی شافیعی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی زانایان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانی پەیامی یەکێتی زانایانی راگەیاند، کە خۆی لە برایەتیو ئاشتیو ئارامی دەدیتەوەو، داوای لە هەموو لایەك کرد بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ رەوشەکە بکەن.

هەر لە درێژەی کارەکانی یەکێتی زانایان بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکەو بەدەنگەوەهاتنی خۆپیشاندەران یەکێتی زانایان چەندین چالاکی دیکەیان ئەنجامدا، لەوانە سەردانی هەر یەك لە هێژخانو نەوشیروان مستەفاو مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیو مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانیو نووسینگەی مەکتەبی سیاسی پارتیو چەندین لایەنی دیکەیان کرد، لە هەموو ئەو شوێنانەش داوای یەکێتی زانایان ئەوە بووە، کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێر خواستە رەواکانی خۆپیشاندەرانەوە بچێتو، هەوڵ بدات بە زووترین کات وەلامیان بداتەوە، چونکە ئەوانەش رۆڵەی ئەو میللەتەنەو ناکرێ حکومەت لەئاست داواکانیان بێدەنگ بێت، لەهەمان کاتیشدا داوایان لەخۆپیشاندەران کرد بە هێمنیو شارستانیانە داوای مافەکانیان بکەنو، پەلاماری سەر بارەگاو شوێنە گشتییەکان نەکەن، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە خواستەکانی جەماوەر بێنە دی، لەلایەکی دیکەش ئەزموونی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێتو، تا لەکۆتاییدا هەموومان لەئاست بەرپرسیارێتیدا بین لە هەمبەر ئەوەی ئەمرۆ لە کەرکوك ناوچە دابڕیندراوەکان رووەدات.

سەرباری هەموو ئەوانە یەکێتی زانایان چەندین بەیانامەی دەرکردووە، کە هەموویان لەو ئاستەدان، کە بە شارستانیانە داوای مافەکان بکرێتو، هێمنیو ئارامی بپارێزرێتو، لەهەمان کاتیشدا بە پێر خواستەکانی جەماوەرەوە بچن. بەشی زۆری بەیاننامەو هەڵوێستەکان لەو ژمارەی پەیام دەخوێنیەوە.

رۆلی زانایانی ئایینی لە ڕابردو و ئێستای کوردستان....ل»٣

زانایانی ئایینی هەولێر رەتی دەکەنەوە بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە خۆپیشاندانیان کردبێت..ل»٤

لە سەدەی بیستو یەکدا لە پەیمانگاکانی ئەوقاف وانەی کۆمپیوتەر بەبێ کۆمپیوتەر دەخوێندرێ

بەپێی ئەو زانیاریەی دەست (پەیام) کەوتوون، پەیمانگای پێش نوێژو وتارخوێنان لەشاری هەولێر، وانەی کۆمپیوتەریان هەیەو بەشێوەی نەزەری دەیخوێنن، بەڵام تائێستا کۆمپیوتەریان نییەو، راگری پەیمانگاش دەڵێ: دوای ئەو پشووە چارەسەری دەکەین.

ئەمەش وای کردووە قوتابیانی ئەو پەیمانگایە هەست بەبێزاری بکەن لەو وانەیەو وەك پێویست سوودی لێ وەرنەگرن، مەلا عوبێد عومەر نوێنەری قوتابیان لەپەیمانگای ناوبراو پێی راگەیاندین، کە ئەمە کێشەی بۆ قوتابیان دروست کردووەو، ئەوانیش تائێستا زۆر داوایان کردووە، بەڵام هیچیان بۆ نەکراوە، ئاماژەشی بەوە کرد کە قوتابیان لەوە زۆر نیگەرانن.

ناوبراو گوتیشی: تائێستا چوار جار داوامان لەوەزیری ئەوقاف کردووە، بەڵام دواجار وەزیر پێی گوتین: ئێوە بڕۆن دوو کۆمپیوتەر بکڕن من پارەکەتان دەدەمەوە.

بۆ بەدواداچوونی زیاتریش (پەیام) پەیوەندی بە بەڕێز (د. عومەر عبدالله سێبەردانی) راگری پەیمانگای پێش نوێژو وتارخوێنان کردو، بەڕێزیان لەو بارەوە گوتی: راستە تائێستا بەشێوەی عەمەلی وانەی کۆمپیوتەر لەو پەیمانگایە نەخوێندراوە، بەڵام هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی شوێنێك بۆ ئەو مەبەستە، چونکە شوێنەکەمان گچکەیە، بەڵام دوای ئەو پشووە هەوڵ دەدەین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، بۆ ئەوەی قوتابیان لە وانەی عەمەلی بێ بەش نەبن، بەڵام هۆکاری سەرەکی خودی پەیمانگاو قوتابیان نینە، بەڵکو وەزارەتە، کە پێویستە بۆ هەموو پەیمانگاکانی بەیانیانو ئێوارانو شوێنو کۆمپیوتەر ئامادە بکات.

بەمەبەستی چارەسەرکردنی گەندەڵیو هێورکردنەوەی دۆخی سلێمانی یەکێتی زانایان پرۆژەیەك دەداتە پەرلەمانی کوردستان

لە یەکەم رۆژی رووداوەکانی سلێمانی، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەمەکتەبی تەنفیزیو سەرجەم لقەکانییەوە هەوڵێکی زۆریان خستە کار بۆ ئەوەی کار نەگاتە کوشتنو ناخۆشی.

ئێستاش دوای تێپەربوونی چەند رۆژێك وەك ئەرکێك هەڵستاون بە ئەنجامدانی پرۆژەیەك، کە تێیدا تیشك دەخەنە سەر ئەو لایەنانەی، کە دەبنە هۆکارێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بە موئەسەساتیکردنی دامو دەزگاکانی دەوڵەت، دەقی پرۆژەکە لە سایتی (www.zanayan.org) بخوێنەوە.

یەکێتی زانایان سوپاسنامەیەك بۆ حکومەتو لایەنەکانو هاوڵاتیانو راگەیاندنەکان بڵاودەکاتەوە

دوای ئەوەی لەرۆژی ١٢/رەبیعول ئەوەل حکومەتو لایەنەکانو هاوڵاتییانو راگەیاندنەکان رۆڵێکی مەزنیان بینی لە بەرزراگرتنی یادی مەولودی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، یەکێتی زانایان سوپاسنامەیەك بڵاودەکاتەوە.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بە خۆشحاڵییەوە سوپاسو حورمەتمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانو سەرجەم زانایانی ئایینیو کەناڵەکانی راگەیاندنو هاوڵاتییانو دامو دەزگا حکومیو حزبیەکانی کوردستان، کە بەو پەڕی رێزو حورمەتەوە رۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلامیان بەرز راگرت، دیارە ئەوەش نیشانەی ئاوێتەبوونی کوردپەروەریو دینداریەو، لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مەولودو یادی پێغەمبەر بۆتە بەشێکی ئەرێنی لە کلتووری کوردەواری، بە ئومێدی ئەوەی کوردستان هەر ئاوەدان بێتو، برایەتیو خۆشەویستیمان زیاتر بێت.

مەکتەبی تەنفیزی

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

٢٠١١/٠٢/١٦

لە هەڵەبجەو کەلارو چەمچەماڵ زانایانی ئایینی پەرژینی مرۆیی دروست دەکەن

دوای ئەوەی لەشاری هەڵەبجە خۆپیشاندانەکان بەرەو ئاقاری توندوتیژی رۆییشتن، مامۆستایانی ئایینی ئەو شارە وەك ئەرکێکی ئایینیو مرۆییو نیشتیمانی پەرژینێکی مرۆییان دروست کرد بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکان بە ئاقاری هێرشبردنە سەر یەك نەروات، هەر بۆیە لەو نێوەدا چەند کەسێك لە مامۆستایانی ئایینی هەڵەبجەی شەهید بریندار بوونو سەریان شکا.

هەروەها لە چەمچەماڵ مامۆستایانی ئایینی پەرژینێکی مرۆییان بەگیانی خۆیان لەنێوان خۆپیشاندەرانو دامو دەزگا حکومیو حزبیەکان دروست کرد.

مامۆستا عەبدولوەهاب چەمچەماڵی بەرپرسی لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان بە سایتی (زانایان)ی راگەیاند: هەوڵێکی زۆرماندا، کە ئەگەر بە گیانی ئێمەش بێت بەس کارەکان بەرەو توندوتیژی

بۆ ل١١

مەلا یاسین وەرتی:

زانایانی ئایینی فەرمانبەری کێن؟

ل » ٢

د.بەشیر: من نەمگووتووە خۆپیشاندەر خەواریجن، بەڵکو پشتیوانیم لێکردوون

ل » ٤

یەکێتی زانایان ئیدانەی تەقەکردن لە زانایانی ئایینی دەکات

ل » ٤

د. هەڵدێر ئەسعەد خۆشناو:

بەهەڵگەڕانەوە لەئایینی ئیسلام کورد نابێتە دەوڵەت

ل » ٨